# غمبر صلى الل عل وسلم لاش هموو نو فرز دووت

له وەرادەوە نووسەری موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت: موغیرەی کوڕی شوعبە پێمی ووت کە پەیامێک بنوسم بۆ موعاویە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت: «(لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە الله کە تەنها وتاکە وبێ هاوتایە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو موڵکێک ئەو خاوەنداریەتی وهەموو حەمد وسوپاسکردنێک تەنها بۆ ئەوە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێک تواناداره، خودایە ؛ هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ بیبەخشیت، وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک ببەخشێت ئەگەر تۆ بیگریتەوە ونەیبەخشیت، (خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی هیچ سوودی بۆی نابێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو نوێژێکی فەرز دەیووت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) واتە: (هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە الله کە تەنها وتاکە وبێ هاوتایە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو موڵکێک ئەو خاوەنداریەتی وهەموو حەمد وسوپاسکردنێک تەنها بۆ ئەوە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێک تواناداره، خودایە ؛ هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک بگرێتەوە وڕێگری لێبکات ئەگەر تۆ بیبەخشیت، وهیچ کەسێک ناتوانێت شتێک ببەخشێت ئەگەر تۆ بیگریتەوە ونەیبەخشیت، خاوەن سامان ودەسەڵات لە پێش تۆدا دەسەڵات وسامانەکەی هیچ سوودی بۆی نابێت) : واتا دان دەنێم بە وشەی تەوحید -یەك خوا پەرستی- ئەویش (لا إله إلا الله) یە، بەندایەتی وپەرستن بەهەق تەنها دەبێت بۆ الله بێت، ونکۆڵی دەکەم بۆ هیچ یەکێك بەندایەتی وپەرستن بکرێت جگە لە الله، بۆیە هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاست جگە لە الله، ودان دەنێم بەوەی بەتەواوی هەموو شتێك موڵکی الله یە وئەو خاوەنی هەموو شتێکە، وهەموو حەمد وستایشێك دەووترێت لەئاسمانەکان وزەویدا ؛ تەنها شایستەیە بۆ الله بێت، ئەو لەسەر کردنی هەموو شتێك توانادارە، وئەوەی قەدەری خودایە لە بەخشین یان نەبەخشین ؛ ڕەتدانەوەی نییە، و لەلای ئەو زاتە ؛ دەوڵەمەند دەوڵەمەندیەکەی سوودی بۆی نابێت بەڵکو تەنها کردەوەی چاك سوودی هەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65102